هالۆوین Halloween و شەوی ئاگر Bonfire هەردووکیان نەریتێکی زۆر کۆنن کە لە ئینگلەندا ئاهەنگی بۆ دەگێڕن.  ئەم ڕووداوانە دەتوانن خۆشی خێزانیی وورووژێنەر بن، بەڵام هەروەهادەتوانن ڕووداوی ژاوەژاو بن وە کەمێك ترسناکیش بن ئەگەر دڵنیا نەبیت لەوەی چی ڕوودەدات.

هالۆوین بە فەرمی لە 31ی مانگی ئۆکتۆبەر بەڕێوەدەچێت بەڵام لە ڕۆژانی پێش وە دوای ئەویش ئاهەنگی بۆ دەگێڕدرێت.

دەتوانیت چاوەڕێی بینینی دیکۆری خەڵک و دیکۆری ترسناك بکەیت کە بە زۆری منداڵن، جلوبەرگی تایبەتیان پۆشیوە.  بڕیارە جلوبەرگەکان کەمێك ترسناك دەرکەون و لەوانەیە جادووگەر و ئێسکەپەیکەر و زۆمبی و ئەهریمەنەکانی تر ببینیت.

لەوانەیە گوێت لە خێزان و گەنج بێت لەسەر شەقامەکان کاتێك تاریك دەبێت.  ئێواران خەڵك لە دەرگای کەسانی نامۆ دەدەن و دەڵێن 'جادووت لێ بکەین یان شیرینیمان دەدەیتێ trick or treat'.  زۆر کەس شیرینی دەدەنە سەردانکەران واتا گەڕۆکەکان.  ئەم سەردانکەرانە بانگهێشت ناکرێن بۆ ناو ماڵەکە.  پێویست ناکات وەڵامی دەرگا بدەیتەوە ئەگەر ناتەوێت.

هەموو کەسێك ئاهەنگی هالۆوین ناگێڕێت و بەشداریکردن بە ئارەزووی خۆتە.

شەوی ئاگر بە فەرمی لە 5ی نۆڤەمبە بەڕێوەدەچێت، بەڵام دەتوانرێت لە ڕۆژانی پێش وە دواتردا ئاهەنگی بۆ بگێڕدرێت، بە داگیرساندنی ئاگر و هەڵدانی یارییە ئاگرینەکان.

دەتوانیت چاوەڕێی ئەوە بکەیت کە ئێواران و شەوان گوێت لە دەنگی بەرز بێت.  هەروەها دەتوانیت گوێت لە خەڵکی زیاتر لە کاتی ئاسایی بێت کە دەگەڕێن.

دەتوانیت لە ئێواران چاوەڕێی بینینی یارییە ئاگرینەکان و دوکەڵی زۆر بکەیت.  زۆرێك لە خێزانەکان بەشداری ئاگرە ڕێکخراوەکان دەکەن کە لەوانەیە کەسێکی خۆنمایشکردن ببینیت، کە پێی دەوترێت کوڕ Guy، لەسەر ئاگرەکە.

دەتوانیت چاوەڕێی بۆنی یارییە ئاگرینەکان بکەیت و دوکەڵی ئاگرەکان بکەیت.

خەڵکێکی زۆر یاری ئاگرین بەکاردەهێنن بۆ ئاهەنگ گێڕان بە بۆنە جیاوازەکان.  دەتوانیت لە کاتە جیاوازەکانی ساڵدا گوێت لە تەقینەوەی بەرز بێت، تیشکی ڕووناکی لە ئاسماندا ببینیت و بۆنی ئەمانە بکەیت لە کاتە جیاوازەکانی ساڵدا.


With thanks to all the schools involved in the Rochdale EAL Hub